# بیرکردنەوە لە ئازادی: خوێندنەوەیەک بۆ (لە ستایشی ئازادیدا) بەختیار عەلی

**سەردار عەزیز**

لە هاوڵاتی ژمارە 323دا بەرێز بەختیار عەلی نووسینێکی بە پێز و پر بەهاو جوانی لە ژێر ناونیشانی لە ستایشی ئازادیدا بڵاوکردەوە. ئەم دەقەی بەختیار بۆئەوە نەنووسرابوو تا هاکازاییانە پاش خوێندنەوەیەکی سەرپێی رۆژنامەوانانە بەبێ هیچ شوێنەوارێک تێپەرێ. دەقەکەی بەختیار دەقێک بوو کە پێوێستە بە دیواری تەنیشت جێگای نوستنەکانمانەوە هەڵیواسین بۆ ئەوەی هەرکە چاومانکردەوە و لە خەوهەستاین بیبینین و بیرمانکەوێتەوە کە پێویستە بیرلە ئازادی بکەینەوە.

سەرەرای ئەمە نووسینەکەی بەختیار کۆمەڵێک دونیابینی و تێروانین لە تویێ خۆیا هەڵئەگرێت کە داوای بیرکردنەوەی زیاترمان لێئەکەن. ئەمەی من لێرەدا هەوڵئەدەم پێی هەستم خوێندنەوەیە بۆ دەقەکەو لە هەمانکاتدا بیرکردنەوەیە بە ئاقاری جیاوازدا. لە سەرەتادا بە گشتی دەقەکە هەستێکی شاعیرانەی بە سەرا زاڵە. دیارە لە کەس شاراوە نیە کە بەختیار یەکێکە لەو زۆر کەمە شاعیرانەی کورد کە دەقەکانی شایانی خوێندنەوەن. بەڵام ئەم هەستە وامان لێئەکات زیاتر بە سۆزەوە بیرکەینەوە، زیاتر توشی هەڵچوون بین. ئازادی دۆخێکی شاعیرانە نیە، وەک بەختیار دەیەوێ بیناسێنێ. ئازادی بەسەر کۆمەڵێ هێلی جودا جودا و جیاوزدا دەشکێتەوە، کە سەرتاپایان لە مرۆڤدا یان لە تاکێکدا یەکدەگرنەوە، ئەم هێڵانە تێکەیشتنیان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جودایە بۆیە زۆرگرانە پێناسەیەکی گشتی بۆ ئازادی بکەین. (بۆ زیاتر روونکرنەوەی ئەم تێزە خوێنەر دەتوانێت بۆ ووتاری فرە-پۆلەتیکی جیل دۆلۆز بگەرێتەوە، لە کتێبی دیالۆگ 2)، هەرچەندە بەختیار هەوڵی نەداوە پێناسەی ئازادی بکا بەڵکو بەشێکی زۆری دەقەکە پیاهەڵدانە بەسەر چەمکێکا کە نووسەر بۆی روون نەکردوینەتەوە کە ئەو مەبەستی لێی چیە. هەرچەندە لە توێ دەقەکەدا بەگشتی دەتوانی هەست بەوە بکەیت کە بەختیار مەبەستی چ ئازادیەکە.

ئەو ئازادییەی کە بەختیار پێی لە سەر دائەگرێت، جۆرێکە لە ئازادی کە ئایسیا بەرلین ناوی ئەنێت ئازادی نەگەتیڤ. مەبەست لە ئازادی نەگەتیڤ ئەو کار و یاساو پلان و دۆخ و هەڵسوکەوتانەیە کە کەسێ تر، لایەنێ تر، گروپێ تر، پێی هەڵدەستن بۆ رێگرتن لە کەسێک لە ئەنجامدانی کارێک کە دەیەوێت پێی هەستێت. بە مانایەکی تر ئەم ئازادیە ئازادیەکە لە دەرەوە دێت. ئەم ئازادیە لەلایەن هەندێک ئابووریناس و لێکۆڵەرەوە سیاسیەکانەوە زیاتر بەربڵاوکراوە، بۆ نموونە، مرۆڤێکی بێکار ، ئاسان نیە بە هەمان شێوەی مرۆڤێکی خاوەن کار ئازادبێت. لای بەختیار دوژمنی ئەم ئازادیە، ئازادی نەگەتیڤ، دەوڵەت و پێکهاتە و دەست و پێکانیەتی وەک؛ قانون، نوسەرانی حیزب، ئەوانی تر.

بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە، ئایا ئازادبوون لە دەوڵەت و یاسا و ئاین، دەبێتە هۆی ئازادبوونی مرۆڤ. یان ئەمە تەنها بەشێکی چیرۆکەکە نیە. ئەوەی روونە کە نووسینەکەی بەختیار وەڵامی ئەم پرسیارەمان ناداتەوە. بەڵام ئەوەی ئەو بە نموونە دەیهێنێتەوە، وەک دژایەتیکردنی دەوڵەت و قانون ، رەنگە بەوەڵامی ئەم پرسیارە دابنرێت. بۆیە ئەوەی وتارەکە دەیەوێ بیڵێت ئەوەیە کە ئازادی دەکەوێتە مەترسیەوە کاتێک لەلایەن ئەوانی ترەوە بەربەستی بۆ دائەنرێت.

پێش ئەوەی بێم باس لە پەیوەندی دەوڵەت و ئازادی بکەم، بە پێویستی ئەزانم دووەم بەشی ئازادی لای ئایسیا بەرلین بناسێنم. لای بەرلین دووەم بەشی ئازادی ئازادی پۆزەتیڤە. مەبەست لە ئازادی پۆزەتیڤ

ئەوەیە کە تاکێک دەبێ بەسەر ئەو کۆسپ و ڕێگر و گرێی و گۆلانەدا زاڵبێت کە لە ناوخویدایە و رێی لێئەگرێت بۆئەوەی ئازادبێت. بە مانایەکی تر بەشێکی گەورەی ئازادی شەرکردنە لەگەڵ خوددا. کە لە هەمانکاتدا بریتیە کە پرۆسە ئاڵۆزەکەی ناسینی خود. چونکە ئەگەر کەسێک خۆی نەناسێت ناتوانێ بەمانای ئازادی ئازادبێت.

بۆیە هەمیشە مەرج نیە لابردنی بەربەستەکان لەبەردەم کەسێکا ببێتە هۆی ئازادبوونی کەسێک. ئازادی هونەرمەندێک، ئازادی شاعیرێک، جوادیە لە ئازادی سەربازێک، لە ئازادی پیاوێکی هاکەزایی. ئەمە بە مانای کورتکردنەوە یان تەسکردنەوەی مانای ئازادی نیە، بەڵکو بە مانای ئەوەدێت ئازادی ئەگەر لە دەرەوەی قانون یان یاسابێت ڕەنگە بە خراپ لێکبدرێتەوە و ببێتە هۆی کۆتایی ئازادی لە بری دابینکردنی ئازادی. لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە، لە بلۆگی یەکێک لە لاوەکانی خەڵکی بەغدا، بەراورد لە نێوان هاتنی سەربازی ئەمریکی و سەربازی عێراقی ئەکات بۆ پشکنینیماڵەکان، بەلای ئەوەوە سەرەرای ئەوە سەربازە ئەمریکیەکان باش نین بەلام بەراورد بە سەربازە عێراقیەکان فریشتەن، چونکە لە هەرکوێ سەربازە عێراقیەکان کچێکی لەسەروو پانزەساڵیان دەستکەوێ هەر خێرا لاقەی ئەکەن. ئەمە نەک هەر سەرباز، بەڵکو بەشێکی زۆری خەلکی ڕۆژهەلات هەرکە ترسی کۆمەڵگایان لێ رەویەوە ئەوا ئازادیان بۆئەوە بەکاردەهێنن ئازادی ئەوانی تر پێشێلکەن.

ئەوەی دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە بیری لێبکەینەوە ئەوەیە چۆن ئازادبین. کە ئازادیمان نەبێتە هۆی مەرگی ئازادی. لێرەدا دیدی بەختیار زۆر لە دیدی ئەنارکیستەکانەوە نزیکە کە بانگەشە بۆ کۆتایی دەوڵەت ئەکەن. وەها بیر لە مرۆڤ ئەکەنەوە کە بە سروشت بوونەوەرێکی چاکە.

لە هەمانکاتدا هاوئاهەنگیەکی زۆری هەیە لە گەڵ نیولیبراڵەکان بەتایبەت نۆیزیک و فریدمان، لە میانەی پاڵپشتکردنیان لە سیستەمی ئەنارکۆ-کەپیتالیزم. ئەو ئازادیەی چەپە ئەنارکیستەکان بانگەشەی بۆئەکەن ئازادیەکی بێ بنەمایە. دیارە ئەم ئازادیە شایانی قسە لەسەرکردن نیە چونکە ئەوەندە خەیاڵیە هەرگیز هیچ دەرهاوێشتەیەکی نابێت جگە لە داروخانی سەرتاسەری کۆمەڵگا، کۆتایی هێنان بە هەموو مانایەکی ئازادبوون.

لەلایەکی ترەوە، رووە راستەرەوەکەی ئەنارکیزم، مەبەست لێی دوورخستنەوەی دەوڵەتە لە کاروباری بازار و کاروباری تایبەتی. ئەم بیریارە راسترەوانە داکۆکی لە کۆمەڵگایەک ئەکەن وەک کۆمەڵگای (وێست)، مەبەست وێست لێرە وایەلد وێستە، ئەو بەشەی ڕۆژئاوای ئەمریکایە، کە لە فلیمی کاوبۆیدا دەیانبینین. ئەم ئازادیەی دوور لە دەوڵەت مەبەست لێی ئازادی نیە بۆ هەموان بەڵکو ئازادیە بۆ خاوەن سەرمایە، ئازادبوونە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر هەژاران، ئازادبوونە بەرامبەر هەر لێپرسراویەک بەرامبەر کۆمەڵگا، سروشت، هەموو شتێکی تر. (لە داهاتوودا زیاتر قسە لەسەر ئەم چەمکە ئەکەم کاتێک دێم بۆ خوێندنەوەی دەوڵەت لای هایەک و لیبراڵە راسترەوەکانی تر، بە تایبەت چەمکی سپۆنتینیوتی و چەمکی ترادیشناڵ).

ئازادی و دەوڵەت دوو چەمکی لێک نەبراون. ئازادی مانای بڵاوتری هەیە لەو مانا شاعیرانە تەسکەی کە بەختیار پێی دەبەخشێ. بە خوێندنەوەی ئەمارتیا سین، فەیلەسوف و ئابووری ناس و خاوەن پاداشتی نۆبڵ لە ئابووریدا، مامۆستای زانکۆی هارڤەرد، زیاتر ئەم رەهەندانەمان بۆ روون ئەبێتەوە. هەژاری بەربەستی گەورەی بەردەم ئازادیە. بۆیە تەنها لەرێگای رێکخستنی مرۆڤ دۆستانەی ئابووریەوە، ئەم کێشەیە چارەسەردەکرێت. ئابووریش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە لە رێکخستنی کۆمەڵگا و بازارەوە دێت، کە تەنها لە رێگایی دوڵەت و یاساوە بەرقەرادەبێت. بەبێ دەوڵەت ئازادی بوونی نیە. لێرەدا من ئاگادارم لە

دەسەڵات و خواستی پانواخوازی دەسەڵات. بەڵام ئازادی و قانون ئازادی و دەوڵەت لە شەردانین، بەڵکو لە ململانێیەکدان بۆ گەشتن بە ئاستی تەریب بوون. بەختیار خۆی باش لە چەمکی خەساندن و خۆشەکردن لای فۆکۆ ئاگادارە، نازانم چەندێک لە لە چەمکی ئافرەتاندنی پیاو لای لیبراڵە ئەمریکیەکان ئاگادارە بەتایبەت ئەلسکەندەر هاملتن و ئەوانی تر. بۆیە دەڵێم بەشێکی گەورەی شارستانی بوونی مرۆڤ بریتیە لە رێکخستن و مانابەخشین بە ئازادیەکەی وە گۆرینی لە ئازادیەکی کێویەوە بۆ ئازادیەکی شارستانی.

بەبێ دەوڵەت پێکەوە ژیانی کۆمەڵگا موستەحیلە. ئەم چەمکە دەمنباتە سەر کۆمەڵێ کێشەی فەلسەفی و سیاسی لە پێویستی دەوڵەت و کۆمەڵگا کە ناتوانرێت لێرەدا بە ووردی و درێژی قسەی لە سەر بکرێت. بەڵام بۆ روونکردنەوە تەنها باس لە هۆبز و چەمکی دۆخی سروشتی ئەکەم. لای هۆبز کۆمەڵگا بەبێ دەوڵەت، یان بەبێ بوونی دەسەڵاتێک کە مافی هەبێت هێزەکانی تری کۆمەڵگا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، کۆمەڵگا رووبەرووی دۆخێک دەبێتەوە کە هەمووان دەچنە جەنگەوە دژی هەموان. رەنگە بۆ روونکردنەوەی ئەم تێزە پێناسە ناسراوەکەی ماکس ڤیبەر قەرزکەین. ڤیبەر دەڵێت دەوڵەت ئەو دەزگایەیە کە مافی یاسایی بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە. وەک ئێستا لە عێراقدا دەیبینین کاتێک کە دەوڵەت بوونی خۆی لە دەست ئەدات کۆمەڵگا دەبێتە گۆرەپانی هێزە جیاوازەکان بۆ ململانێکردن و شەرکردن. لێرەدا هۆبز دەڵی خەڵکی بۆئەوەی لە دۆخی سروشتی رزگاریان بێت، ئەو دۆخەی کە ژیان تیایا کورت و هەژار و پر لە دەردەسەریە، دەگەنە رێکەوتنێک کە دەوڵەت پێکبێنن. تەنها بوونی دەوڵەتە کە ژیان دەگورێت لە بەربەریەتەوە بۆ شارستانی. من لێرەدا باس لە هۆبز ئەکەم نەک ئەوانی تر چونکە کۆمەڵگای ئێمە هێشتا لە دۆخی پێش مۆدێرنەدا ئەژی. وە دیدە رۆسۆییەکەی بەختیار واقیعیانە نیە.

کێشەیەکی تری ئەم دەقە ئەوەیە کە ئایا نوسینەکەی بەختیار چۆن دەخوێنرێتەوە. ئایا دەبێتە دەقێک بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی یان دەبێتە دەقێک بۆ بیرکردنەوە لە خراپی و گێلێتی دەوڵەت. دەوڵەت ئەو دەزگا پێویستەیە کە دەبێ هەموان بیخەینە ژێر چاودێریەوە بۆئەوەی لە باری ئاسایی خۆی دەرنەچێت. بەڵام دەوڵەتی کوردی هێشتا نەبووەتە دەوڵەت، ئەو دەزگایە رەنگدانەوەی عەقڵی خێڵەکی ئێمەیە. بۆیە بەرای من ئەرکمان زیاتر ئەوەیە چۆن دەوڵەتێکی یاسایی مرۆڤ دۆست بێنیە کایەوە لە بری ئەوەی بیر لە ئازادیەکی شاعیرانە بکەینەوە کە جگە لە خەیاڵێکی خۆش هیچی تر نیە. بۆیە دەڵێم رەنگە نوسینەکەی بەختیار لە بری بیرکردنەوە لە ئازادی ببێتە هۆی بیرکردنەوە لە توند و تیژی.